

# پانۆرامانی ژیانی ئەلبێر کامۆ

ئامادەکردن: دڵنیا رەحیم زادە

"ئەلبێر کامۆ" نووسەری بەتوانا و فەیلسووفی بەناوبانگی فەرانسەوی کە هەروەك "ژان پۆل سارتەر"، لە رووناکبیرانی مەکتەبی "ئێگزیستانسیالیزم" دێتە ئەژمار.

ئەو لە ساڵی (١٩٥٧) و لە تەمەنی (٤٤) ساڵیدا، بوو بە براوەی خەڵاتی ئاشتی نۆبێلی ئەدەبی. کامۆ پاش "رودیارد کیپلینگ"، گەنجترین نووسەرە کە توانی ئەم خەڵاتە بەرێتەوە. "ئەلبێر کامۆ" لە حەوتی نوڤەمبەری ساڵی ١٩١٣، لە "موندووی" جەزائیر و لە خێزانێکی فەرانسەوی_ئەلجەزائیری چاوی بە ژیان هەڵهێنا. دایکی بە رەچەڵەك ئیسپانیایی و باوکی "لوسین" لە شەری "مارن" کە لە ساڵی (١٩١٤) و لە میانەی جەنگی جیهانی یەکەم روویدا، کوژرا و هەر بۆیە سەردەمی منداڵی "کامۆ" لە هەژار و دەست تەنگیدا تێپەری.

لە ساڵی (١٩٢٣)، کامۆ چووە قوتابخانە و پاش کۆتایی خوێندنی لە هەمان زانستگای جەزائیر وەرگیرا. ئەو لە پاڵ خوێندن، چالاکی وەرزشی زۆری ئەنجام دەدا و گوڵچی تیپی کۆلێژەکەیان بوو، بەڵام تووشبوونی بەنەخۆشی سیل لە ساڵی (١٩٣٠)، بەناچار چالاکی وەرزشی و فوتباڵی "کامۆ" کۆتایی هات. ئەو کە توانایی ئابووری باشی نەبوو، بە ناچار وانەکانی بە شێوەی نیوە کات لە زانستگا هەڵبژارد و سێ رۆژ لە هەفتەدا ئیشیدەکرد تا بژێوی ژیانی دابینبکات. لە مامۆستای تایبەتییەوە بگرە تا کار لە دامەزراوەی ئەستێرە ناسی. ئەو لە ساڵی (١٩٣٥)، توانی بروانامەی بەکالۆریاس لە بواری فەلسەفە وەربگرێت و لە مانگی مەی ساڵی (١٩٣٦)، داکۆکی لە ماستەرنامەی خۆی دەربارەی "پلۆتینۆس" کە رێرەوی رێبازی ئەفلاتوونییە نوێکان بووە_ کرد.

کامۆ لە هەمان سەردەمی خوێندکاریدا بوو بە ئەندامی حزبی کۆمۆنیستی و هۆی سەرەکی ئەوەشی بە درکی دۆخی سیاسی ئیسپانیا دەزانی، کە سەرەنجام گەیشتە شەری ناوخۆیی ئیسپانیا. لە ساڵی (١٩٢٦)، حزبی کۆمۆنیستی سەربەخۆی جەزائیر (PCA) دامەزرا و لە وەها دۆخێکدا، کامۆ هاوکاری سیاسی لەگەڵ حزبی گەلی جەزائیر (Le Parti du Peuple Algerien) دەستپێکرد. ئەمە مەسەلەیە کێشەی زۆری لە نێوان ئەو و رێبەرانی حزبی کۆمۆنیست پێکهێنا.

هەر بەم هۆیە، "کامۆ" بە شێوەی فەرمی، "ترۆتسکی" خاوەنی بیرۆکەی کۆمۆنیستی و پشتیوانانی شۆرشی سەرانسەری جیهانی ناونرا. کە بە مانای نەفی ئەو لە کۆمۆنیزمی ستالینیستی بوو. ئەو لە ساڵی ١٩٣٤ لەگەڵ "سیمون های" کە بە مۆرفین موعتاد بوو، ژیانی هاوسەری پێکەوە نا و ژیانی هاوبەشیشیان بە هۆی خیانەتی "سیۆن" لە "ئەلبێر" لێکترازا و گەیشتە جیایی. کامۆ لە ساڵی (١٩٣٥)، ناوەندی "شانۆی دەرهێنەری" دامەزراند، کە تا ساڵی (١٩٣٥) بەردەوامبوو. ئەو لە میانەی ساڵەکانی (١٩٣٧ تا ١٩٣٩) ، لە رۆژنامەی سۆسیالیستی "ئالجێر ریپابلیك" کاریکرد و بە نووسینی بابەت

دەربارەی خەڵکانی عەرەب، کە لە جەزائیر بەسەختی دەژیان، کارەکەی خۆی لە دەستدا و بە هۆی تووش بوونی بە نەخۆشی سیل، نەیتوانی پەیوەندی بە سوپای فەرانسا بکات.

کامۆ لە ساڵی (١٩٤٠)لەگەڵ "فرانسیس فار" زەماوەندی کرد و لە گۆڤاری فەرانسەوی "پاریس_سور" دەستی بە کار کرد. ئەو بە دەستپێکی قۆناغی یەکەمی جەنگی جیهانی دووەم کە بە "جەنگی تەلەیفوونی" ناودێر کرا، کامۆ هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی هەبوو، بەڵام بە بینینی ڕێورەسمی لەسێدارەدانی "گابریێل پری" لە پاریس، رایگەیاند کە ئەم ڕووداوە، ڕقی ئەوی بەرامبەر بە ئەڵمانییەکانی زیادکردوە.

ئەو پاش ئەم ڕووداوە چوو بۆ "بوردۆ" و لە هەمان ساڵدا، نووسینی یەکەمین بەرهەمە ئەدەبییەکانی خۆی واتە "نامۆ" و "ئەفسانەی سیسی فوسی" تەواو کرد. ئەو لە ساڵی (١٩٤٢) گەڕایەوە بۆ جەزائیر و لە میانەی جەنگی جیهانی دووەم، بە ڕێکخستنەکانی بەرەنگاری فەرانسە بە ناو "کومبات" پەیوەست بوو و بڵاوکراوەیەکی نهێنی هەر بەم ناوە بڵاودەکردەوە. ئامانجی سەرەکی ئەم گرووپە، چالاکی دژی حزبی نازی بوو. کامۆ لە ساڵی (١٩٤٣)، بوو بە سەرنووسەری بڵاوکراوەی ڕێکخراوی بەرەنگاری و بە ئازاد بوونی پاریس بە دەستی ڕێکەوتەکان، لە سەر بەردەوامی خەباتی چاپەمەنییەکەی پێداگریکرد و کاتێك کە ڕۆژنامەی "کومبات" بوو بە بڵاوکراوەیەك بە ئامانجی ئابووری، دەستی لە کارەکەی (سەرنووسەری) کێشایەوە.

پاش جەنگ، کامۆ بە سەفەر چوو بۆ ئەمریکا، کۆمەڵێك وتاربێژی دەربارەی ئێگزیستانسیالیزمی فەرانسەوی ئەنجامدا. ئەو کە خاوەنی بۆچوونی سیاسی چەپ بوو، لەگەڵ ڕەخنەی توند لە سیاسەتەکانی کۆمۆنیزم، دوژمنی ئەوانی بەدژی خۆی هەڵخراند. لە ساڵی (١٩٤٩)نەخۆشییەکەی ئەو قورستر بووە و بۆ ماوەی دوو ساڵ



لە تەنیاییدا ژیا. لە ساڵی (١٩٥١)، وتاری "ڕاپەڕیو"ی بڵاوکردەوە، کە لێکدانەوەیەکی فەلسەفی دەربارەی ڕاپەڕین و شۆڕشە. ئەو کە لە دەیەی (٥٠)دا ژیانی خۆی بۆ کار مرۆڤدۆستانە تەرخانکردبوو، لە ساڵی (١٩٥٢) دەستی لە چالاکی لەڕێکخراوی یۆنیسکۆ هەڵگرت و لە ساڵی (١٩٥٣) لە زوومرەی ئەو تاقمە سیاسەتمەدارە چەپەی جیهان بوو، کە ڕەخنەی لە سیاسەتی یەکێتی سۆڤییەت لە هەڵسووکەوت لەگەڵ کۆبوونەوە کرێکارییەکان گرت.

"کامۆ" لە ٤ ژانوییەی (١٩٦٠) لە ڕووداوێکی هاتووچۆدا گیانی لە دەست دا. ئۆتۆمبێلەکەی ئەوان لە (٢٤کم) شاری "سانس" و لە شارێی (٥ RN )لە قەراغ گوندێك بە ناوی "پتیویل" نزیك "مۆنتەرۆ" وەرگەڕا. ئەلبێر کامۆ لە دواوەی ئۆتۆمبێلەکەوە دانیشتبوو و لەم سەفەرەدا وێڕای خێزانی هاوڕێکەی "میشێل گالیمار" خاوەنی ناوەندی چاپەمەنی "گالیمار" دەگەڕایەوە بۆ پاریس. کامۆ لەم ڕووداوەدا هەر لەوێ گیانی لە دەستدا. ئەو پێش ئەم ڕووداوە لە شوێنێکدا وتبووی:

"مەرگ بە هۆی ڕووداوی ئۆتۆمبێلەوە، گاڵتەجارانەترین و بێماناترین جۆری مەرگە."


**سەرچاوەکان:**

١. ماڵپەڕی ویکیپیدیا (لاپەڕەی تایبەت بە کامۆ)

٢. ماڵپەڕی سیب گازیدە (لاپەڕەی تایبەت بە کامۆ)

٣. http://www.arooz.com